# "شه‌وێک له‌وشه‌وانه‌"

# و

# بیره‌وه‌رییه‌کانی پێشمه‌رگه‌ی کورد

ماوه‌یه‌ک له‌وه پێش، بیره‌وه‌رییه‌کانی کاک "مه‌عرووف که‌عبی" م سه‌باره‌ت به شه‌ڕی کۆمه‌ڵه ودیموکرات له گوندی "باغڵووجه" ی نێوان سه‌قز و بۆکان له ماڵپه‌ڕی "هه‌ڵوێست" دا خوێنده‌وه:

http://www.helwist.com/Nuseran/M.Ke,bi/٢٧٪٢٠٪٢٠٦٪٢٠٪٢٠١٠٪٢٠٪٢٠Baqloce.pdf

هه‌روه‌ها "هه‌ڵوێست" زنجیره ووتارێکی کاک "حاته‌م مینبه‌ری" به‌ناوی "گه‌مارۆ" ی سه‌باره‌ت به بابه‌تێکی هاوچه‌شن له ناو پێشمه‌رگه‌کانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بڵاوکرده‌وه:

http://www.helwist.com/Nuseran/Hatem/Gemaru/Serper.htm

ووتاره‌کان شوێنی زۆریان له‌سه‌ر هه‌ستم دانا و بابه‌تێکم له سه‌ر نووسین ، که له به‌شی "ورده‌فه‌رمایشت" ی ماڵپه‌ڕی ڕۆژهه‌ڵات – بۆکان و هه‌ڵوێستدا بڵاو بووه‌وه. [١]

له‌وێدا، هه‌ڵوێستی دژبه شه‌ڕی ناوخۆیی هه‌ردوو نووسه‌رم به‌رز نرخاند وهیوام خواست ئه‌و بابه‌تانه زیاتر بنووسرێن بۆ ئه‌وه‌ی بیرۆکه‌ی شه‌ڕی کورد وکورد وه‌ک دیارده‌یه‌کی دواکه‌وتوانه بچێته قووڵایی هه‌ست وشعووری کۆمه‌ڵانی خه‌ڵک و پێشمه‌رگه‌کانی داهاتووی شه‌ڕی سه‌ربه‌خۆیی و سه‌رفرازیی کورده‌وه.

وا ئێستاش، وتارێکی به‌پێزی دیکه‌م له ماڵپه‌ڕی ڕۆژهه‌ڵات – بۆکاندا خوێنده‌وه که کاک "خالیدی سیادت"- پێشمه‌رگه‌ی کۆمه‌ڵه سه‌باره‌ت به شه‌وێکی مانگی ڕه‌شه‌مه‌ی ساڵی ١٣٦٢ ی هه‌تاوی (١٩٨٤ ی زایینی) نووسیویه. له‌و شه‌وه‌دا ١٧٠ پێشمه‌رگه‌ی کۆمه‌ڵه ڕووبه‌ڕووی هێرشی دڕندانه‌ی هێزه سوپاییه‌کانی ڕژیمی مه‌لاکان بۆسه‌ر بنکه‌یه‌کی کۆمه‌ڵه له گوندی قزڵجه‌ی خواروی نێوان مه‌هاباد و بۆکان بوونه‌ته‌وه وتوانیویانه قاره‌مانانه خۆ له گه‌مارۆی دوژمنی داگیرکه‌ر ده‌رباز بکه‌ن و به دیوی ئاجیکه‌ند و حوسێن ئابادی لای بۆکاندا بگه‌نه گوندی قۆرغه‌ته‌په‌ی گه‌ورکایه‌تی.

نووسه‌ر، وه‌ک نووسه‌رانی دووبابه‌ته‌که‌ی پێشوو، دژ به شه‌ڕ نه‌وه‌ستاوه و هۆی ئاشکرای مه‌سه‌له‌که‌ش ئه‌وه‌یه لێره‌دا باس له شه‌ڕی داسه‌پاوی کۆماری مه‌لاکان دژ به پێشمه‌رگه‌ی کورده، نه‌ک شه‌ڕی ناوخۆیی کورد و کورد. به‌ڵام هه‌ر ئه‌ویش ناڕاسته‌وخۆ شه‌ڕی به دیارده‌یه‌کی گڵاو قه‌بڵاندووه، که دوودڵ و دوو دڵدار له‌یه‌کتر داده‌بڕێت، کۆرپه‌ی ساوا له‌زگی دایکیدا ده‌خنکێنێ و هیوا له دڵی به‌جێماوانی کاره‌ساته‌که‌دا ده‌تاسێنێت.

---

[١] بۆدیتنی ئه‌و زنجیره ووتاره، له ماڵپه‌ڕی ڕۆژهه‌ڵات- بۆکان و هه‌ڵوێست دا سه‌یری به‌شی "نووسه‌ران" بکه و بچۆ به‌شی ناوی ئه‌نوه‌ر سوڵتانی.

گرنگایەتی بابەتەکەی کاک خالید شیکردنەوەی هەستی مرۆڤانەی پێشمەرگە و دەرخستنی ئاوات و ئارەزووی دواڕۆژیان و خولّقاندنی فەزایەکی ئاماڵ تراژێدییە: ژنەپێشمەرگەیەکی دووگیان لەگەڵ کۆمەڵی خەڵکەکە بە چیای "چەکوچ" ی ناوچەی قزڵجە دا هەڵدەگەڕێت؛ گوللەی دوژمن دەیپێکێ و دەبێ بە یارمەتی پێشمەرگەکانی تر لە گەمارۆی پاسداری دڕندە ڕزگار بکرێت. کارەکە بەڕێوەدەبرێت، بەڵام لە نیوەی ڕێگادا برینی گوللەی دوژمن کاری خۆی دەکات و ئەسمەری ژنە پێشمەرگە لەگەڵ کۆرپەی ناو زگی، پێکەوە سەردەنێنەوە و دەستی ساردەوەبووی ئەسمەر هەموو هیوایەکی دواڕۆژی بەختەوەری بنەماڵەیی وکۆمەڵایەتی لە دڵی حەمەی حاجی، پێشمەرگەی کۆمەڵە و هاوسەری ئەسمەردا دەتاسێنێت .

شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوەکان هەندێک جار هێندە پسپۆڕانەیە کە خوێنەر لەجیهانی پڕلە تاڵ وسوێریی پێشمەرگەی کوردەوە دەباتە جیهانی سووررِئیالیستی ناو کتێب و فیلم و ڕۆمان- جیهانێک کە زیاتر لە چیرۆک دەچێت تا واقیع، گەرچی واقیعێکی زەقیش بێت. لەڕاستیدا، ئەگەر بیرەوەریی پێشمەرگەی کورد لە ماوەی سەدەی بیستەمدا تۆمار بکرایەت، نەوەی نوێی وولاتەکەمان بەهەزاران شتی سەمەرەی دەبیست و دەخوێندەوە کە لە چیرۆکی پڕ لەقارەمانیەتی ستالینگراد کەمتر نەبن. ئەوەی خوارەوە نموونەیەکە لە بابەتەکە بۆ ناساندنی کاری نووسەر و شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لەلایەن ئەوەوە:

*" .....ماوەیەک بو باران نەدەباری و تاریکیش باڵی بە سەر وڵاتدا کێشابو. حەمەی حاجی و ئەسمەر و سێ پێشمەرگەکە بەرەو قۆرغەتەپە بەڕێوە بون، خرمەی پێی خۆیان و ئەسپەکە تەنیا دەنگێک بو کە دەیان بیست، تەنانەت ئەسمەریش لە ناڵاندن کەوتبو. دوای ماوەیەک پزیشکیارەکە ئەسپەکەی ڕاگرت، دەیەویست چاوێک لە برینەکەی ئەسمەر بکا، پێشمەرگەکان برانکارەکەیان هێنا خوارێ، لە بەر شۆقی چراقووە بە هێواشی پانسمانەکەی کردەوە، دیار بو لە تەواوی ئەو ماوەیەدا خوێنی برینەکەی ڕانەوەستابو، لەشی ئەسمەر گەرمیەکی وای تێدا نەمابو کە تەنانەت دەستی حەمەی هاوسەریشی هەستی پێ بکا، پزیشکیار ویستی بڵێ تازە هیچ ناکرێ! بەڵام دڵی نەهات! هەر چواریان بە بێ دەنگی بە دیاریەوە دانیشتبون. حەمە کەوتەوە بیر و خەیاڵی ساڵی ڕابۆردو، کە بۆ یەکەم جار خۆشەویستی ئەسمەر چوە دڵیەوە وەبیر زەماوەندەکەیان کەوتەوە کە بابی ئەسمەر پێی کوت ئەو کچەی من قەت لە شاخ و کێو نەبوە دەبێ زۆرت ئاگا لێی بێ! کەوتەوە بیری ئەو ئارەزوە بچوکەی ئەسمەر، کە ڕۆژێک ماڵێکیان بێ کە منداڵەکایان لە ئارامیدا تێیدا گەورە بێ .ماوەیەک هەروا هەمویان لە بێدەنگیدا دانیشتبون کە باران بە نەرمی دەستی پێکردەوە......"*

هیوایە نووسەر ئەو قەڵەمە بەرپرسە دانەنێت و ئێمە لە داهاتوودا بابەتی بەپێزی دیکەی لەمەڕ ژیانی پڕ لە کارەسات و قارەمانیەتی پێشمەرگە، لێ بخوێنینەوە.

تۆماری ڕاستەقینە و دوور لە لایەنگریی ژیانی پێشمەرگەی کورد و زیندوو ڕاگرتنی ناوی شەهیدان لە هەموو پارچەکانی کوردستان، ئەرکێکی گەورە وگرانی هاوسەنگەرەکانیان بەتایبەت پێشمەرگەی خوێندەواری دەست بەقەڵەم وئەو کەسانەیە کە لە چیا دابەزیون بەڵام نەبەزیون و دەرەتانی نووسینی بیرەوەرییەکانی خۆشیان هەیە.

تۆبڵێی ئەگەر چیای "چەکوچ" ئەو داستانە مەزنەی ئازایەتی و مرۆڤایەتییەی لێ تۆمار کرابێت، چیای قەندیلی سەردەمی "پشت ئاشان" و ساڵانی دوای ئەو، بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی "گریلا"، چەندەها حیکایەتی نەگوتراوی نەبیسراوی لەدڵدا بێت! سەفین و هەڵگورد و شاهۆ و..... چی؟

ئەوە ئێوە و ئەوەش دەقی نووسراوەکەی کاک خالید سیادەت، کە لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکانم وەرگرتووە:

# شەوێک لەو شەوانە

## خالید سیادەت



٣١ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەیە، ئەو ڕۆژە یادکردنەوەیەکە لە خەبات و تێکۆشانی نەوەیەک لە کوڕان و کچانی کوردستان کە لە ساڵە سەختەکانی هێرشی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بۆ ئەو وڵاتە ڕێگای موقاوەمەت و وەستانەوەیان هەڵبژارد. ئەو موقاوەمەتە ڕەوایە ئەگەر لە لایەکەوە شانۆیەک بو لە نیشان دانی ئیرادە و وزەی بێ سنوری مرۆڤی تێکۆشەر، لە لایەکی دیکەوە پەردەیەک بو لە خەباتی گەلێکی ڕاپەڕیو کە نەی دەویست بچێتە ژێر باری دەسەڵاتی کۆماری تازە پێگەیشتوی ئیسلامیەوە. لە ڕاستیدا ئەوە بەشداری و پشتیوانی لێبڕاوانەی خەڵکی کوردستان بو کە مەودای ئەو خۆڕاگریەی لە بەرابەر دەسگای سەرکوتی یەکێک لە بێ بەزییترین ڕێژیمەکانی دنیادا خولقاند .
ئەو بیرەوەریە کە بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە بڵاو دەکرێتەوە، تەنیا تابلۆیەکە لەو خۆڕاگری و بوێریەی کە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بە مەبەستی ڕزگاری گەلی کورد و کرێکاران و زەحمەتکێشان لەو ساڵانەدا تۆماریان کرد.
کۆمەڵێک لەو ئازیزانە لەو ڕێگایەدا گیانیان بەخت کرد و زۆر کەسیشیان بەشێک لە ئەندامی لەشیان لە دەست دا!

یادی ئازیزیان بۆ هەمیشە بەرز و بە ڕێزە!

شەوێک لەو شەوانە
لە خەو هەستانی بەیانی زوو ، ئەگەر تێرخەو نەبوبێتی خۆش نیە، جا ئەگەر ئەو بەیانیە زۆر زوو بێ و پێش ئەوەی هەوا ڕووناک بوبێ ناخۆشتریشە، بەسەر ئەوەشدا کەسێک بە هەمو توانای خۆیەوە درگای ژورەکەت بکوتێ و دەست هەڵگرێش نەبێ، تۆش هەر خەو بەرت نادا و لە نێوان خەو و بەخەبەریدا بە هیوای ئەوەی کە بەشکم کەسەکە ماندو بێ و دەست لە کوتانی درگا هەڵگرێ و تۆ بتوانی چەند ساتێکیتر بنوی .
پیاوی خاوەن ماڵ دەسهەڵگر نیە و بە کوتانی درگاشەوە ڕاناوەستێ وبە هەمو هێزیەوە هەرا دەکا، ئەرێ بۆ هەڵ ناستن، دەورتان گیراوە !ئەو هەرایە و ئەو ووشانە بەسن بۆ ئەوەی وەک فەنەر لە جێی خۆت هەستی و لە ماوەی چەند چرکەدا جلەکانت لە بەر کەی و درگا بکەیەوە.
پیاوی خاوەن ماڵ هاتبو بچێ بۆ مزگەوت بۆ نوێژی بەیانی کە لە گردەکانی دەوری دێ هێزی دوژمنی دیبو، بە پەلە گەڕابوەوە ماڵێ, ڕەنگی سپی ببوەوە، دەمی ووشک ببو، هەمو گیانی دەلەرزی و بی پسانەوە دەیگوت دەوری دێ گیراوە! ئێستا تەقە دەست پێ دەکا! کاتێک لێت دەپرسی، کام گرد، کام تەپۆڵکە، گیراوە! لە وەڵامدا دەیگوت هەمو جێیەک، هەمو جێیەکیان گرتوە! پیاوەکە زۆر لەوە زیاتر پەشۆکا بو کە بتوانێ پیت بڵێ دوژمن کوێی گرتوە و کوێی نەگرتوە.
لە ڕۆژهەڵاتی شاری مەهاباد و لە نێو شیو و دۆڵەکانی چیای گەورە و بەرزی چەکوچ ومالۆکـدا چەند دێیەکی بچوک هەڵکەوتون کە لەو ساڵانەدا جێی حەسانەوە و بنکەی پێشمەرگە بوون .خەڵکەکەی سەرەڕای هەژاری، دڵگەورە و

میوان خۆشەویست بوون، هەرچی بوویان لەگەڵ پێشمەرگە بەشیان دەکرد و باوەکو مەترسی هێرشی ئەرتەش و پاسدارانی کۆماری ئیسلامی نیگەرانی خستبوە دڵیانەوە بەڵام هیچکاتێک ڕویان لە پێشمەرگە گرژ نەدەکرد. ئێمەی کۆمەڵە لە پاییز و زستانی نێوان ساڵەکانی ١٩٨٣ و ١٩٨٤ی زایینیدا کە دەبێتە ١٣٦٢ی هەتاوی بنکەیەکمان لە قزڵجەی خوارێ هەبو کە جیاواز لە کۆمیتەی ناوچە و بەشی تەداروکات وموخابەرات)پێوەندی بێسیم( و نەخۆشخانە، جێگای حەسانەوەی هێزی پێشمەرگە و هەر وەها پێشمەرگەی نەخۆش و برینداریش بو .

لە هەمان کاتدا حیزبی دێمۆکراتیش لە قزڵجەی سەری بنکەی هەبو کە هەشت،نۆ کیلۆمیتر لە قزلجەی خوارێ دورە، لە نێوان هەردوک قزڵجەشدا، گوندی شیلاناوێ هەڵکەوتوە کە لەو کاتانەدا ماڵی مامۆستا هێمنی شاعیریشی لێ بو. هەمو ئەو دێیانە لە داوێنی چەکوچ و ماڵۆک و بەرەو شاری مەهاباد هەڵکەوتون. قزڵجەی خوارێ کەمتر لە بیست کیلۆمێتر لەو شارە دورە .

ئێمە لەو دێهاتانە بنکەمان کردبوەوە و نێشتەجێ بوین و هیزی دوژمنیش لە پادگانی مەهاباد و بەرزاییەکانی دەوری شار دامەزرابو. هێرش هێنان بۆ سەر ئەو ناوچەیە بۆ ئەرتەش ئاسان نەبو، چونکە لە لایەکەوە زۆر شاخاوی و چڕ و سەختن و لە لایەکی دیکەشەوە پێشمەرگەی زۆری تێدا بو. جگە لەوانەش خەڵک بە گشتی لە گەڵ پێشمەرگە و دژی دەوڵەت بوون.

ئەو بەیانیە زوە، ڕۆژی ٢٠ی مانگی ڕەشەمەی ساڵی١٣٦٢ی هەتاوی بو کە پیاوی خاوەن ماڵ درگای ژورەکەی ئێمەی دابوە بەر مست و بە ترس و پەشۆکاویەوە هاواری دەکرد دەورتان گیراوە! لەو کاتەی ساڵدا لەو ناوچەیە هەوا هێشتا هەر ساردە، لە نێودێ و لە داوێنی شاخ بەفر نەمابو بەڵام بە سەر بەرزاییەکانی شاخەکەوە پەڵە پەڵەی گەورەی بەفر دیار بو . هەرچەند لە سەرەتاوە تاو هەڵات، بەڵام زۆر زو هەور ئاسمانی داگرت و زریانێکی سارد دەست و دەموچاوی دەتەزاندین.

نیگەرانی و خۆفی هێرشی دوژمن نەی دەهێشت هەست بە تەوژمی سەرمای بەرەبەیان بکەین، بەڵام هەمو کەس دەیزانی کە دەبێ جلی گەرم لە بەر کا و بڕێک خواردن لە گیرفانی خا و دەست داتە چەکەکەی و ئامادە بێ . جلی گەرمیش لە ڕاستیدا تەنیا ژاکەتێک بو کە بەسەر کەوا و پاتۆڵی پێشمەرگانەدا لە بەرمان دەکرد و خواردنیش نانێک بو لەگەڵ بڕێک پەنیر.

هەڵگرتنی چەک و بەستنی ڕەخت و هاتنە دەر لە ماڵ بە هەمویەوە پێنج دەقیقەی پی نەچو، لە بەر درگای دەرێ ژنی خاوەن ماڵمان دی کە خەریک بو منداڵەکانی دەشاردەوە، کلیلی ژورەکەی خۆمان دایە و کوتمان کە ئەگەر ئێمە نەگەڕاینەوە با ئەو کلیلە بە تۆ بێ .لە ماوەی ئەو سێزدە مانگەدا کە ژیانی هاوسەریمان پیکەوە نابو ئەوە بۆ جاری سێهەم دەچو کە ئەوەی کە نێومان نابو ماڵ بە جێمان دەهێشت. لە ڕێبەندانی ساڵی پێشتردا لە دێی کولیجە لە نزیک جادەی بورهان)ڕێگای بۆکان- مەهاباد(زەماوەندمان کرد، لە نێوەڕاستی بەهاردا هەستمان بە مەترسی هێرشی ئەرتەش و پاسدار کرد و بنکەی هێزی پێشمەرگەی ناوچەی مەهابادمان گوێستەوە بۆ دێی هاچیدەرێ کە نزیک دەبوەوە لە ناوچەکانی گەورک و مەنگوڕ. پاییزی ئەو ساڵە بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە هێزی دوژمن بە زۆری لە پایگاکانی خۆیاندا مابونەوە و جموجۆڵێکی ئەوتۆیان لە خۆیان نیشان نەدەدا، هاتینە سەر ئەوەی کە خۆمان لە شار نزیکتر کەینەوە و بنکەیەک لە قزڵجەی خوارێ بکەینەوە.

ئەو بەیانیە پێش ئەوەی بزانین دوژمن کوێی گرتوە و هێزی چەندەیە، هەستمان بەوە دەکرد کە ڕۆژیکی درێژ و شەڕێکی قورسمان لە پێشە. گەیشتنی دوژمن تا قزڵجەی خوارێ کە دورترین و چڕترینی ئەو دێیانە بو، ئاماژە بو بە بەرنامەیەکی گەورە بۆ داگیر کردنی ناوچەکە!

نێو دێ زۆر ئاڵۆز بو، پیاوەکان خەریک بون بە پەلە مەڕ و ماڵات و ئاژەڵەکانیان لە دێ دور خەنەوە، ژنانیش دەستی منداڵەکانیان گرتبو لە جێیەک دەگڕان کە خۆی تێدا حەشار بدەن .هەوا زۆرتر ڕوناک ببو، هێشتا تەقە دەستی پێنەکردبو. بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە سەرەتاوە پێمان وابو دەوری دێ گیراوە، هێزەکانی دوژمن هێشتا زۆر نزیک نەببونەوە و لە تەپۆڵکەکانی هێندێک دورتر لە دێ دامەزرابون. لە ڕاستیدا تاکتیکی دوژمن ئەوە نەبو کە خۆێ لە شەڕی نزیک و دەستەو یەخە بدا، چونکە نە وورەی ئەوەیان هەبو و نە تواناى بەربەرەکانی لە گەڵ پێشمەرگەیان لە شەڕی وادا هەبو . حەولی ئەوان ئەوە بو کە بە چەکی قورس و لە دورەوە هێزی پێشمەرگە شپرزە کەن .ئێمە زۆر زو هاتینە سەر ئەوە کە نەیەڵین شەڕ بکەوێتە نێودێوە و تا ئەوەندەی دەتوانین حەول بدەین کە خۆمان لە بەرابەر ئەو هێرشە بەربڵاوەی دوژمن لادەین، بە تایبەتی کە ئەو لە دورەوە و بە چەکی قورس شەڕی دەکرد و لەوانە بو کە زەرەری گەورە بە خەڵکی دێش بگەیەنێ .ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین هێزەکەمان و کەلوپەلی پێویست وەک چەک و تەقەمەنی لە نێودێ بەرینە دەرێ دەبو هەر چۆنێک بێ بەرگری لە هاتنە پێشی هێزی دوژمن بکەین. بۆ ئەو مەبەستە دو پەل پێشمەرگە دیاری کران کە لە دو لاوە بەرەنگاری دوژمن بنەوە و نەیەڵن بەرەو نێودێ پێشرەوی بکەن، تا بەڵکو خەڵکی دێ فریا کەون خۆیان حەشار بدەن و ئێمەش بتوانین کەلوپەلە گرینگەکان و باقی هێزەکەمان لە مەیدانی شەڕ دور خەینەوە. بە هۆی ئەوەی کە قزڵجە مەقەڕی کۆمیتە ناوچە بو، بنکەی پزیشکی و تەداروکات و پێشمەرگەی نەخۆش و بریندار و تەنانەت میوانیشی لێ کۆببوەوە .

بۆ دورکەوتنەوە لە دێ تەنیا ڕێگایەک هەبو ئەویش هەڵگەران بە شاخی بەرزی چەکوچدا و ئاوا بوون بەرەو ناوچەی بۆکان بو. چەند ووڵاغمان لە خەڵکی دێ وەرگرت و چەک و تەقەمەنی و هێندێک کەلوپەلی پێویست و بێسیمەکەمان

لەسەر بار کرد. هێشتاش تەقە دەستی پێنەکردبو کە بارەکان و ئەو کەسانەی کە بە هۆی باری لەش ساغیەوە چەکی قورس یان فیشەکدانیان پێ نەبو، بەرەو لوتکەی چەکوچ کەوتنە ڕێ. ژمارەیان نزیک بە سی کەس دەبو، یەکیان دایکی هاوڕێیەکی پێشمەرگە بو کە لە شارەوە هاتبو بۆ دیتنی کچەکەی. ئەوانە دابەشکران بە دو دەستە و هەر دەستەی فەرماندەیەکی بۆ دیاری کرا.
هەوا ڕوناک ببو کە تەقە بە چەکی قورس لە لایەن دوژمنەوە دەستی پێ کرد. هاوکات ئەو دو پەلە پێشمەرگەیەی کە بۆ بەرەنگار بونەوەی دوژمن دیاری کرابون لە ماوەی کەمتر لە نیو سەعاتدا خۆیان گەیاندە نزیک شوێنەکانی دوژمن و شەڕێکی قورس لە نزیکەوە دەستی پێکرد.
هێرشی چاوەڕوان نەکراوی پێشمەرگە و گوێستنەوەی مەیدانی شەڕ بۆ نزیک شوێنەکانی دوژمن بو بە هۆی ئەوەی کە لە سەرەتاوە تۆپ و خۆمپارەباران بۆ نێو دێ و دەوروبەری دێ کەم بێتەوە و هەلێکی باش بڕەخسێ بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە دەبو هەرچی زووتر بە شاخی چەکوچدا هەڵگەڕێن و لە مەیدانی شەڕ دوور کەونەوە.
ئێستا ئێمە ببوین بە سی بەش، جیاواز لەوانەی کە بە شیو و دۆڵەکانی شاخدا هەڵدەگەڕان تا ئاوای ئەودیوی چەکوچ بن و ئەو دو پەلەی کە لە دو لاوە خۆیان گەیاندبووە سەنگەرەکانی دوژمن و دەرگیری شەڕی سەنگەر بە سەنگەر بوون، بەشێکیشمان لە نێو دێ مابوینەوە کە هەم وەک هێزی پشتیوان وابین و هەم ئەگەر لە لایەکی دیکەوە هێرش بکرێتە سەر نێودێ پێشی پێ بگرین بە تایبەتی لە بەر ئەوەی تا خەڵکی دێ ماوە پەیدا بکەن کە خۆیان حەشار بدەن .
لەگەڵ گەرم بونی تەقە، دڵە خورپە و ئاڵۆزی وردە وردە لەش و ڕۆحمانی بەجێ دەهێشت و جێی خۆی دەدا بە وزە و چالاکی و نەزم. زۆر زو کۆنترۆڵمان بە سەر خۆماندا پەیدا کرد. هەمو کەس دەیزانی دەبێ چی بکا و هیچ وەزیفەیەک لەو کاتەدا نەدەبو پشت گوێ بخرێ. گەورەترین مەتریسیمان ئەو دو دەستەیە بو کە دەبو هەرچی زووتر لە مەیدانی شەڕ دور خرێنەوە. بە بێسیمی دەستی پێوەندی لە نێوان هەر سێک بەشەکەدا بەردەوام بو. هێرشی ئەو دو پەلەی کە خۆیان گەیاندبوە سەر سەنگەرەکانی دوژمن، بە تەواوی پێشی بە پێشڕەوی دوژمن گرتبو .هێزەکانی دوژمن لە جێی خۆیان چەقیبون و توانای هاتنە پێشیان نەبو بەڵام تۆپخانەی قورسیان بە تەواوی کەوتبوەوە کار و شاخەکەی دابوە بەر تۆپ. وردە وردە زانیمان کە هێرشەکەی دوژمن زۆر بەربڵاوە و هەمو دێهاتەکانی بناری چەکوچ و ماڵۆکی گرتۆتەوە.
لە پشت دێی قزڵجەوە شیو و دۆڵێک بەرەو بەرزایی شاخ دەست پێ دەکا کە گەورە و قوڵ و چڕە و پاش چەند سەد میترێک تەسک دەبێتە و سێ چوار دۆڵی چکۆلەتری لێ دەبێتەوە کە هەر کام لە لایەکەوە بە چیاکەدا هەڵدەگەڕێن و تا نزیک بەرزایی لوتکەی شاخەکە درێژەیان هەیە. ئەو پێشمەرگانە دەبو بەو دۆڵانەدا بڕۆنە سەرێ و هەمو حەولیان ئەوە بێ کە دوژمن نەیان بینێ .
چەند سەعاتێک تێپەڕی بو، شەڕ بە قورسی درێژەی بو، هێزی پێشڕەویی دوژمن حەولی ئەوە بو کە خۆی لە نێودێ نزیک کاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش چەند جار هێرشیان هێنا، بەڵام هەمو جارەکان تێکدەشکان بە چەند کوژراو و بریندارەوە دەگەڕانەوە سەنگەرەکانی خۆیان. فەرماندەی ئەو پێشمەرگانەی کە لە نزیکەوە بەرەنگاری دوژمن ببونەوە حەمەی حاجی، فەرماندەی گوردانی٢٤ی مەهاباد بو .فەرماندەی گشتی ناوچەی مەهاباد یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتە ناوچە بو کە لەگەڵ ئێمە لە نێودێ مابوەوە و لەوێوە فەرماندەیی هەمو شەڕەکەی دەکرد. دو سێ سەعات لە نیوەڕۆ تێپەڕی بو کە بڕیاریدا وردە وردە هەمومان نێودێ بەجێ بێڵین و بەرەو شاخەکە بکەوینە ڕێ.
دوژمن دەیزانی ناتوانێ بە هێزی پیادە بێتە پێشێ و هەستیشی بەوە کردبو کە تەنیا ڕێگای پاشەکشەی ئێمە ئەو شاخە بەرزەیە، بۆیە بێ پسانەوە هەمو شوێنێکی کێوەکەی دەکوتا. پلانی ئێمە ئەوە بو کە لەگەڵ تاریکی هەوا هەمو هێزەکەمان بگەیەنینە سەر چەکوچ ، لەوێ پشویەک بدەین و تا شەومان بە دەستەوەیە خۆمان بگەیەنینە ناوچەی گەورک. تا ئێستا کە چەند سەعاتێکی مابو بۆ تاریک بوون، کەسی ئێمە نەگەیشتبوە سەر بەرزایی چەکوچ تا بزانین کە لەو دیوی چەکوچ وەزع چۆنە، بڵێی دوژمن لە بۆکانیشەوە نەهاتبێ و ئەوێشی نەگرتبێ! ئێمە دەبو تا هەوا بە تەواوی تاریک نەبوە چەند کەسێکمان بگاتە سەر چەکوچ تا بتوانین ئاگاداریەک لە بارودۆخی ئەودیوی کێوەکە وەدەست بخەین .
فەرماندەی گشتی بە بێسیم بە حەمەی حاجی ڕاگەیاند کە ئێمە خەریکین نێودێ بە جێ دێڵین و خۆمان لەو پێشمەرگانە نزیک دەکەینەوە کە بەرەو لوتکەی چەکوچ بەڕیوەن، ئەوانیش تا ماوەیەکی کە و پێش تاریکی، سەنگەرەکانیان بە جێ بێڵن و هەر بەو دۆڵانەدا بەرەو لای ئێمە بکەونە ڕێ .
لە ڕێگادا بوین کە بە بێسیم ئاگادار بوینەوە کە دوو کەسمان بە پڕیشکی تۆپی دوژمن بریندار بون، دوو کەس لەوانەی کە هەر لە بەیانیەوە بە مەبەستی دورکەوتنەوە لە مەیدانی شەڕ، بەرەو لوتکەی شاخ کەوتبونە ڕێ. دڵە خورپە دایگرتین! دەبێ کێ بن !ماوەیەکی خایاند تا زانیمان کە یەکێک لە بریندارەکان دایکە پێشمەرگەکەیە و ئەویکەیان ئەسمەری مەجنونە .ئەوان خۆیان برینپێچێکیان لەگەڵ بو کە دەیتوانی کاری سەرەتایی برینپێچان بکا بەڵام بۆ برینی قورستر کۆمەکپزیشکی لێهاتوتر و بە ئەزمونترمان لەگەڵ بو کە زۆر جار برینداری قورسی لە مەرگ نەجات دابو. برینی دایکە پێشمەرگەکە قورس نەبو، برینپێچەکە هەر لەوێ برینەکەی ئەوی پێچا بو. بەڵام برینی ئەسمەر قورس بو، پڕیشکێکی گەورە لە زگی درابو و خوێنی ڕانەدەوەستا. یەکەم کارمان ئەوە بو کە پزیشکیارە بە ئەزمونەکەمان بە خێرایی نارد بۆ لای بریندارەکان کە بەشکم ئەو بتوانێ کارێکی بۆ بکا. دواجار بە بێ سیم حەمەی حاجیمان ئاگادار کردەوە کە فەرماندەیی شەڕەکە بسپێرێ بە جێگرەکەی و خۆی بگەیەنێتە لای ئەسمەر.
نزیک ساڵێک پێشتر، ئەو کاتەی بنکەمان لە دێی کولیجە بو حەمە و ئەسمەر یەکتریان خۆش دەویست و هەر لەوێ پاش

ماوەیەک زەماوەندیان کرد. ئەسمەر کچی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی شاری مەهاباد بو کە لەگەڵ ڕێکخراوی نهێنی نێو شار چالاکی دەکرد، ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی پێش ئەوەی بگیرێ و ڕاپێچی زیندان کرێ، شاری بە جێ هێشت و هاتە نێو ڕیزی پێشمەرگەوە. لە سەرەتاوە وەک مامۆستا لە دێهاتی ناوچەی مەحاڵی مەهاباد دەرسی دەکوتەوە، بەڵام دواتر کە زۆرێک لە دێهاتەکانی ناوچەکە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی هێزی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی، نەیتوانی درێژە بە کاری مامۆستایی بدا، بۆیە لە نێو پەلێک لە پێشمەرگەکانی گوردانی ٢٤ی مەهاباددا سازماندرا و زۆری پێ نەچو کە بو بە پێشمەرگەیەکی لێهاتو و جێگای متمانە. حەمەی حاجی خەڵکی دێی دێبوکر بو کە هەڵکەوتو لە ڕۆژئاوای شاری مەهابادە. منداڵی کار و ڕەنج و تێکۆشان بو، ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی لە تەمەنی لاویدا بو بە پێشمەرگەی کۆمەڵە، کوڕێکی بە ڕەنگ و ڕو سەوزەی باریکەڵە و هەتا بڵێی لە بەر دڵان بو، هەر چەند خوێندەواریەکی ئەوتۆی نەبو بەڵام زۆر زیرەک و تیژ و وریا بو. لە کاتی شەڕ و خەتەردا زۆری ئازایەتی لە خۆی نیشاندابو. ئەوەندەی لە بەرابەر دوژمندا بە جەرگ و هەڵمەت بەر بو، لە ئاست خەڵکدا نەرم و میهرەبان و لە خۆبوردو بو. لەو کەسانە بو کە هیچ کات توڕەیی و دەمار گرژی پێوە دیار نەبو .

هێزەکانی دوژمن لە سەنگەرەکانی خۆیاندا چەقیبون و توانای پێشرەویان نەبو، بەڵام زۆرترین زەختیان بە چەکی قورس خستبوە سەر شیو و دۆڵەکانی شاخی چەکوچ . .ئێمە بە زۆری پەرۆشی وەزعی ئەسمەر بوین کە خۆی دوگیان و برینەکەشی قورس بو .پزیشکیارەکە بڕیاریدا کە ئەسمەر دەبێ بە پەلە بەڕێ کرێ بۆ نەخۆشخانە یان لانیکەم شوێنێکی ئەمن کە برینەکەی دەرمان کرێ. دەست بە جێ برانکارێکمان ئامادە کرد، لەگەڵ حەمەی حاجی، هاوڕێی پزیشکیار و دو پێشمەرگەش ئامادە کران کە لەگەڵ تاریک بونی هەوا بکەونە ڕێ. ئێمە دەبو چاوەڕێ بین تا هەوا تاریک ببێ جا ئەو کات بە خێرایی خۆمان بگەیەنینە سەر لوتکەی کێوەکە. ڕۆژێک شەڕ، ماندویی، برسیەتی و کزەی سەرمای قەدی ئەو شاخە و ڕێژنەی جارجاری بارانیش، بە تەواوی ماندوی کردبوین. بە پەلە بوین بچینە یەکێک لە دێیەکانی ئەو دیوی چەکوچ و پشویەک بدەین.

حەمەی حاجی کە گەیشتبوە لای ئەسمەر و دیتبوی برینەکەی قورسە ڕوی کردبوە پێشمەرگەکان و کوتبوی دەبێ بە پەلە ئەسمەر بگەیەنینە دێیەک، برانکارەکەیم بۆ لە سەر ئەسپەکە قایم کەن، پێویست نیە کەسیشم لەگەڵ بێ، بۆخۆم بە خێرایی لە چەکوچی تێپەڕ دەکەم و دەیگەیەنمە قۆرغەتەپە، ئەگەر تا بەیانی هیچی لێنەیە و بمێنێ ، لەویوە بە کەسی جیی متمانەدا دەی نێرمە نێو شاری مەهاباد کە لە ماڵێک بیشارنەوە و دوکتوری بەرنە سەری! پێشمەرگەکان لێی قبوڵ ناکەن بە تەنیا بڕوا، دو پێشمەرگە و پزیشکیارەکەش لەگەڵیان دەکەون و لە ژێر تۆپبارانی دوژمندا خۆیان دەگەیەننە ئەو دیوی چەکوچ و پێش ئەوەی هەوا بە تەواوی تاریک بێ ڕێگای دێی قۆرغەتەپە دەگرنە بەر .

جێگری حەمەی حاجی کە ئێستا فەرماندەی ئەو پێشمەرگانە بو کە لە خوارەوەی نێودێ و لە سەنگەرەکانی پێشەوە لەگەڵ دوژمن لە شەڕدابون، بڕیاریدابو کە پێشمەرگەکان خۆیان ئامادە کەن بۆ کشانەوە، هەوا خەریک بو تاریکی دەکرد، دەبو هەرچی زووتر هەمو هێزەکە خۆی بگەینێتە ئەو دیوی چەکوچ .لەو پێشمەرگانەی کە پێشتر لە دۆڵەکاندا خۆیان حەشاردابو، چەند کەسێک خۆیان گەیاندە سەر بەرزایی شاخ و تا ئەوەندەی لێشیان دیار بو هیج جموجۆڵێکی دوژمنیان نەدیبو. ئێستا ئەوەندە تاریک ببو کە بتوانین ئەو مەودایە تا سەر لوتکەی شاخ بە بێ خەتەر تێپەڕ کەین. نزیکترین دێ لەو دیوی چەکوچ بەرەو دۆڵی ئاجیکەند و ناوچەی بۆکان، دێی حوسێنئاباده. ئێمە نەمان دەویست بەرەو دۆڵی ئاجیکەند بچین، چۆنکە مەترسی ئەوە دەکرا کە دوژمن گرتبێتی، ئێمە دەمانەویست بڕوین بۆ قۆرغەتەپە، ئەو شەوە لەوێ بحەسێینەوە و دواجار خۆمان بگەیەنینە ناوچەی گەورک. ئێستا هەوا تاریک ببو دوژمنیش دەستی لە تۆپ و خومپارە هاویشتن هەڵگرتبو. هەمو پێشمەرگەکان بەر و دوا و هەر دەستەی بە دۆڵێکدا خۆمان گەیاندە سەر بەرزاییەکانی شاخەکە. هێزەکەمان دوای ڕۆژێک شەڕی قورس لە سەرما و لە ژێر باراندا بە تەواوی ماندو و شەکەت و شپرزە ببو .

پێمان وانەبو هێزی ئەوەمان هەیە کە ئەو شەوە لە چۆمی قۆرغەتەپە کە بە تایبەتی لەو فەسڵەدا ئاویشی زۆر بو بپەڕینەوە و بگەینە ناوچەی گەورک .هاتینە سەر ئەوە کە ئەو شەوە بچینە قۆرغەتەپە، کە هەر چەند پایگای دوژمنیشی لێیە، بەڵام بە شەو دەگەینێ و لە ماوەی ڕۆژدا نایەینە دەرێ، دوای تاریک بونی هەواش لە دێ وەدەر دەکەوین و لە چۆم دەپەڕینەوە بەرەو گەورکان .زۆربەمان ڕێگاکە بە باشی شارەزا بوین، پێمان وابو بەوەشەوە کە بریندار و ژنی دوگیان و هاوڕێی بە تەمەنمان لە گەڵە بە دو سێ سەعات دەگەینێ. تیمێکی چەند کەسیمان نارد کە تا نزیک دێی حوسێن ئاباد بچن، بزانن ئەگەر دوژمنی لێ نەبێ، لە پێشدا بچین و لەوێ پشویەک بدەین و نانێک بخۆین.

ماوەیەک بو باران نەدەباری و تاریکیش باڵی بە سەر وڵاتدا کێشابو. حەمەی حاجی و ئەسمەر و سێ پێشمەرگەکە بەرەو قۆرغەتەپە بەڕێوە بون، خرمەی پێی خۆیان و ئەسپەکە تەنیا دەنگێک بو کە دەیان بیست، تەنانەت ئەسمەریش لە ناڵاندن کەوتبو. دوای ماوەیەک پزیشکیارەکە ئەسپەکەی ڕاگرت، دەیەویست چاوێک لە برینەکەی ئەسمەر بکا، پێشمەرگەکان برانکارەکەیان هێنا خوارێ، لە بەر شۆقی چراقووە بە هێواشی پانسمانەکەی کردەوە، دیار بو لە تەواوی ئەو ماوەیەدا خوێنی برینەکەی ڕانەوەستابو، لەشی ئەسمەر گەرمیەکی وای تێدا نەمابو کە تەنانەت دەستی حەمەی هاوسەریشی هەستی پێ بکا، پزیشکیار ویستی بڵێ تازە هیچ ناکرێ! بەڵام دڵی نەهات! هەر چواریان بە بێ دەنگی بە دیاریەوە دانیشتبون. حەمە کەوتەوە بیر و خەیاڵی ساڵی ڕابۆردو، کە بۆ یەکەم جار خۆشەویستی ئەسمەر چوە دڵیەوە وەبیر زەماوەندەکەیان کەوتەوە کە بابی ئەسمەر پێی کوت ئەو کچەی من قەت لە شاخ و کێو نەبوە دەبێ زۆرت ئاگا لێی بێ! کەوتەوە بیری ئەو ئارەزوە بچوکەی ئەسمەر، کە ڕۆژێک ماڵێکیان بێ کە منداڵەکایان لە ئارامیدا تێیدا گەورە بێ .

ماوەیەک هەروا هەمویان لە بێدەنگیدا دانیشتبون کە باران بە نەرمی دەستی پێکردەوە. پێشمەرگەکان دەستیان کرد بەپێچانەوەی تەرمەکە و ئامادەیان کرد کە درێژەی ڕێگا بدەن. حەمە هەروا دانیشتبو، بیرەوەری و خەیاڵ و دنیای خۆشی ئەسمەر بەری نەدەدا. دلۆپەکانی باران فرمێسکەکانی سەر ڕومەتیان دەشتەوە .ویستی بو دوایین جار ئەسمەر ببینێ و ماڵئاوایی لی بکا. پزیشکیارەکە چراقوەکەی بۆ هەڵکرد و پەتوەکەی لە سەر سەری ئەسمەر لادا. ئەسمەر چاوی لێکنابو هەر وەک نوستبێ، بە ئارامی نێوچاوانی ماچ کرد و بە بێ دەنگی هاتە دواوە. ئێستا حەمە خەریک بو بە تەواوی هەستی بە کارەساتەکە دەکرد. لەگەڵ مەرگی ئەسمەر، منداڵەکەی نێو زگی و هەمو ئاوات و ئارەزوەکانی بۆ ژیانی هاوبەش بە جێیان دەهێشت .

زانیاری تیمەکە ئەوە بو کە لە حوسێن ئاباد هیچ جموجۆڵێکی دوژمن نابیندرێ، بۆیە فەرماندەی گشتی بڕیاریدا کە هەرچی زوتر دو دەستە پێشمەرگەکەی کە زۆرتر پێکهاتبون لە بریندار ی شەڕەکانی پێشو و پێشمەرگەی نەخۆش بڕۆن بەرەو نێو دێ و بەدوایان دا باقی هێزەکە پاش ئەوەی کۆبونەوە و سازمان درانەوە بچینە نێو دێ و لەوێ پشویەک بدەین و نانێک بخۆین و ئەوجار هەمومان پێکەوە درێژەی ڕێگا بەرەو قۆرغەتەپە بدەین. لەو کاتەوە کە ئێمە هاتبوینە ئەو دیوی شاخەکەوە و لە دوژمن نەدیو ببوین، تەقەیەکی ئەوتۆ نەمابو ، تەنیا جار جار تۆپێک یا خۆمپارەیەک بێ هەدەف لە جێگایەکی شاخەکە دەکەوت و بی دەنگی ئەو شەوە سارد و تاریکەی دەشکاند. ئێستا هەمو فەرماندەی پەل و دەستەکان پێشمەرگەکانی خۆیان کۆکردبوەوە و خەریک بوین بەرەو حوسێن ئاباد بکەوینە ڕێ کە لە دەوری دێ تەقە دەستی پێکرد، تەقەیەکی چاوەڕوان نەکراو لەو دەستە پێشمەرگەیەی کە باری تەندروستیان باش نەبو و دەمانەویست بە هەر جۆرێک بوە لە شەڕ و تێکهەڵچون بیان پارێزین! دیار بو دوژمن لەو هێرشە بەربڵاوەیدا بە مەبەستی گەمارۆدانی تەواوی ئێمە لە لای شاری بۆکانیشەوە هێرشی هێناوە و هەمو دێهاتەکانی ئەودیوی داوێنی چەکوچ و مالۆکیشی گرتوە. ئەو تیمەی کە هەر سەعاتێک پێشتر تا دەوری دێیەکە چوبو هیچی نەدیبو، لەوە دەچو کە دوژمنیش هەر تازە گەیشتبێتە حوسێن ئاباد. تێک هەڵچونەکە بەرەوڕو بونەوەیەکی لە ناکاو بو، ئەو پێشمەرگانەی کە لە پێشەوەی دەستەکە دەگەنە نێو یەکەمین کۆلانەکەنی دێ، چاویان بە ماشێنێکی سەرئاوەڵە دەکەوێ کە پرە لە پاسدار و بە چرای کوژاوەوە بەرەو ڕوی ئەوان دێ. تەقە دەست پێدەکا، پێش ئەوەی پاسدارەکان لە ماشێن بێنە خوارێ و دامەزرێن، دەسڕێژی پێشمەرگەکان لە مەودای نزیکەوە شپرزە و بڵاویان دەکا. ئەوان بە نەفەر زۆر و بە هێز حەساوە و بە چەک تەیار، پێشمەرگەکانیش بە تایبەت ئەو دەستەیە بە پێچەوانە، چەند کەسیان هەر چەکیان پێنەبو، چەند کەسیشیان تەنیا چەکێک و یەک خەشابیان پێ بو، لە ڕاستیدا ئەوەی ئامادەیی شەڕی بێ تەنیا تیمێک بو کە بۆ پاراستنیان لەگەڵیان خرابو. بەڵام ئەو جارەش وەک هەمو جارەکانی پێشو، ورە، لەخۆبوردویی و شارەزایی بە سەر شەڕی نزیک و دەستەویەخەدا بردیەوە .پێشمەرگەکان بە بێ هیچ خەسارێک لە کەمینەکەی دوژمن خۆیان دەرباز کرد و بۆ جاری دوهەم ڕویان کردەوە بەرزاییەکانی شاخەکە. ئێستا غەیری قۆرغەتەپە، هیچ جێگایەک بۆ پشودان و حەسانەوە نەبو کە بچین. پاش ماوەیەک، هەمومان بەوانەشەوە کە لە حوسێن ئاباد لە کەمین کەوتن، یەکمان گرتبوەوە. هەر جۆرێک بو دەبێ بە خێرایی وەڕێ کەوین.

دوای چاردە سەعات شەڕی قورس لە بەر با و باران و لە سەرمادا، نزیک بە سەدوحەفتا پێشمەرگە، بێ ئەوەی تەنانەت نیو سەعاتیش مۆڵەتی پشودان و حەسانەوەیان بێ، بە نێو شیو و دۆڵەکانی چیای چەکوچ و ماڵۆکدا بەرەو قۆرغەتەپە ڕێچکەیان بەست. تا گەیشتینە داوێنی شاخ خراپ نەبو، هەر چەند ماندویی و برسیەتی هێز و توانایەکی ئەوتۆی بۆ نەهێشتبوینەوە، بەڵام هەر چۆنێک بێ ڕێگاکە سەرەوخوار بو و باوی ڕۆیشتنمان خۆشتر بو. هەورێکی ڕەش سەراسەری ئاسمانی داگرتبو، تەنانەت ئەستێرەیەکیش دیار نەبو. ڕێچکەی پێشمەرگەکان درێژ ببوەوە و هەنگاوەکان هەر چەند بە ئارامی بەڵام بە بەردەوامی بەرەو پێش دەڕۆیشتن. ئێستا کەوتبوینە نێو دەشتێکەوە کە زەوی کێڵدراو بو، بارانی زۆریش ڕێگاکەی کردبو بە قوڕێکی خەست کە جار لەگەڵ جار هەنگاو هەڵێنانەوەی دژوارتر دەکرد. تاریکیەکی کەم وێنە باڵی بە سەر ئەو دەشتەدا کێشابو. ئاسمان هەورێکی ڕەش و زەوی هەر ڕەش و فەزای دەوریشمان یەکجار تاریک بو. وردە وردە وای لێهات کە نەک هەر بەر پێی خۆمان بەڵکو هاوڕیی بەردەمی خۆشمان نەدەدی. چەند سەعات تێپەڕیبو بەڵام ئەو دەشتە هەر کۆتایی نەدەهات و ئێمەش هەر نەدەگەیشتینە دێیەکە. چەند کەسێک توانای ڕۆیشتنیان نەمابو، یانی لە نێو ئەو قوڕەدا نەیان دەتوانی هەنگاو هەڵێننەوە، کەسی وابو لینگە کەوشێک یان هەردوک کەوشەکەی لە نێو قوڕدا بەجێمابو. ئەو بڕە نان و پەنیرەی کە بەیانی لە سەرەتای شەڕەکەوە هەر کەسە لەگەڵ خۆی هەڵی گرتبو، تەواو ببو. ڕێ ڕۆیشتن بە چەک و ڕەختەوە و بە برسیەتی و دەم ووشکیەوە لە نێو ئەو دەشتە قوڕەدا، وەک ئەوە وابو چەند بەرابەری قورسایی خۆت ڕاکێشی. لە سەرەتاوە پێمان وابو کە ڕومان لە قۆرغەتەپەیە، بەڵام زانیمان کە ئێمە ماوەیەکی زۆرە هەر بە دەوری خۆماندا دەخولێینەوە. بۆ ئەوەی لەو تاریکیە سەیرەی ئەو شەوە زەنگەدا لەیەکتری گۆم نەبین، هەر کەسەی دەستی بە پشتێنی کەسی پێش خۆی گرتبو. چەند کەسێک کە هێشتا توانایەکی زۆرتریان تێدا مابو چونە ژێر باڵی ئەو کەسانەوە کە پەکی ڕۆیشتنیان کەوتبو و لەگەڵ خۆیان دەیان کێشان. هەمو ناوچەکە داگیرکراو بو و پایگای دوژمنی لێ بو. تەنانەت لە سەر تەپەیەک لە پەنا قۆرغەتەپەش کە ئێمە بە هیوا بوین ئەگەر پێش ڕۆناک بونی هەوا بگەینێ، ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ لێی بمێنینەوە، پایگایەکی گەورەی دوژمنی لێ بو. ئێستا مەترسی گەورەمان ئەوە بو کە لەو دەشتەدا ڕۆژمان لێببێتەوە و دوژمن بمان بینێ و لە هەمو لایەکەوە گەمارۆمان بدەن !ئەگەر ئێمە نەگەینە نێو دێ و ڕۆژمان بەسەر دابێ ئەوە شەڕێکی قورس لە نێوان ئێمە و هێزی گەورە و تەیاری دوژمندا دەهاتە پێشی کە بۆ ئێمە دەبوە شەڕی مان و نەمان و ڕەنگبو زۆربەشمان تێدا پچین! نەزمی ڕێ ڕۆیشتنی پێشمەرگانەش کەم ببوەوە و زۆر کەس بۆخۆیان

بێ ئەوەی بزانن بەرەو کوێ دەچن هەنگاوی قورس و ماندویان هەڵدێناوە و دەڕۆیشتن. فەرماندە دەستەکان دوایین هێزو و توانای خۆیان خستبوە گەڕ کە کەسانی دەستەکەی خۆیان بێننەوە نێو سەفەکە و نەیەڵن هەر کەس بۆ خۆی بە لایەکدا بڕوا. وردە وردە تارمایی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسمانەوە دەردەکەوت، ئەگەر ئەوە لە لایەکەوە نیگەرانی لە نزیک بونەوەی ڕۆژ و ئەویش بە مانای دەرگیر بوون لە شەڕێکی نابەرابەردا بو، لە لایەکی کەوە هیوایەکیشی تێدا بو کە بتوانین ڕێگای نێودێ ببینینەوە. چەند کەسێک گوتیان گویمان لە دەنگی سەگوەڕە، دادەی ڕاوەستن! بێدەنگ بن با بزانین وایە! بەڵێ ڕاست بو دەنگی سەگ دەهات. دیار بو لە دێیەک نزیک ببوینەوە. لەو حاڵەدا موهیم نەبو کوێیە، هەر کووێیەک بوایە دەچوین، ئەگەر توشی شەڕیش بوایەن لانی کەم نان و ئاوێکمان دەخۆارد و بڕێک هێزمان دهاتەوە بەر. لەو ساتەدا دەنگی ئەو سەگانە بۆ ئێمە لە هەمو مۆسیقایەک خۆشتر بو. ئێستا لە ڕاستیدا ڕێگامان دیبوەوە، ئەویش بەرەو دەنگی سەگەکان بو. وردە وردە روناکی زۆرتر وەدەر کەوتبو. هەنگاوەکان خیراتر ببون و دەنگی سەگەکان نزیکتر .ئەوجار دەورو بەرمان دەدی و زانیمان کە بەڵێ، لە نزیک قۆرغەتەپەین .سەگوەڕەکە بە نزیک بونەوەی ئێمە توندتر ببو و وەختێک ئاخر کەسەکانمان لە کۆڵانەکانی نێودێدا بڵاو بونەوە، هەوا ئەوەندە ڕوناک ببو کە پایگاکەی دوژمن لە سەر گردەکەی نزیک نێودێ بە باشی ببینین .

کەس نەیزانی چۆن هەر چوار و پێنجەی بە سەر ماڵێکدا دابەش بوین. ئێمە پێنج کەس چوینە ماڵێک، زۆر بە گەرمی وەریان گرتین. زۆریان پرسیار لێ نەکردین، دەیان زانی رۆژی پێشو لە قزڵجە شەڕی قورس بوە و ئێمە لەو شەڕە گەڕاوینەوە، نان و پەنیر و چاییان بۆ دانانین، بڕێک بوژاینەوە و خەوتین. نزیک نیوەڕۆ هەستاین. ئەو جار حەسابوینەوە، جلە تەڕەکانانیان بۆ ووشک کردبوینەوە و خواردنێکی خۆشیان بۆ دروست کردبوین. باسی شەڕەکانی شەو و ڕۆژی ڕابۆردومان بۆ گێڕانەوە. دەیانکوت دەمان زانی ئەرتەش و پاسدار هاتونە سەر قزڵجە! دەنگی تۆپ و خۆمپارە دەگەیشتە ئێرەش! باوەشی گەرم و دڵسۆزی ئەو ماڵە هەمو ماندوییەکەی لە بیر بردبوینەوە .

ئەوڕۆ باران نەدەباری و هەوریش بە ئاسمانەوە دیار نەبو، تیشکی خۆر لە پەنجەرەوە هاتبوە ژورێ، ڕۆژێکی تازە دەستی پێ کردبو، دەبو بەرەوپیری بچین. لەگەڵ ئاوا بونی ڕۆژ و تاریک بونی بەرە بەرەی هەوا، هەمومان لە بەر درگای مزگەوتی دێ کۆبوینەوە. دەبو بە نزیک پایگاکەی دوژمندا بڕۆین تا لە چۆمەکە بپەڕینەوە و بڕۆین بەرەو ناوچەی گەورک .

غەمی قوڵی لە دەست چونی ئەسمەر و منداڵەکەی بەسەر هەمومواندا قورسایی دەکرد. بەڵام بۆ حەمەی حاجی وەک برینێک وابو لە سەر جەستەی کە چاک بونەوەی نەبو. بزەی پێکەنینی کەمتر پێوە دیار بو، مات و کەم قسە و دڵتەنگ ببو و وەک جاران لە کۆڕ و کۆمەڵی خۆشی و شادی و پێکەنیندا بەشداری نە دەکرد. ئێمەش بە هەمومان هەوڵمان ئەوە بو کار و ئەرکی ڕۆژانەی لە سەر شانی کەم کەینەوە و نەیەڵین غەم و پەژارە بە سەریدا زاڵ بێ .سەرەڕای ئەو ڕوداوە دڵتەزێنە ئیرادەی قایم و وزە و توانای ئەو بۆ کار و تێکۆشان هەروا پتەو بو، وەک هەمیشە لە کۆبونەوەکاندا بەشداری دەکرد، ئاگای لە بارودۆخی یەکە یەکەی پێشمەرگەکانی گوردانەکەی بو و لە کاتی شەڕیشدا وەک فەرماندەیەکی ژیر و وریا ئەرکی خۆی بەڕێوە دەبرد .لەو ساڵە سەختانەدا کە کۆماری ئیسلامی گەورەترین لەشکرەکانی ئەرتەش و پاسداری لە گەڵ هەمو پسپۆرانی نیزامی خۆی، ڕژاندبوە کوردستانەوە تا ئەو خەڵکە بە چۆکدا بێنێ و ئەو وڵاتە بە تەواوی داگیر کا، فەرماندەیی کردنی بەشێک لە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە نێو جەرگی ناوچە داگیرکراوەکانی موکریاندا بۆ لاوێکی تەمەن ٢٤ ساڵە ئەرکێکی ئاسان نەبو! حەمەی حاجی کوڕە زەحمەتکێشی ژیر و نەترس بە سەربەرزی و لێهاتوییەوە ئەو ئەرکەی تا ئەو ڕۆژەی کە دو ساڵ دواتر لە شەڕیکدا ئەو جار خۆی گیانی بەخت کرد بەڕێوە برد.

١٦ ٠٦ ٢٠١١